سەماحەتی حەکیم گرنگی یەکێتی ئەورووپا بە عیراق دووپات دەکاتەوە و داوا دەکات پەیوەندی دوو قۆڵی پتەوبکرێت بەشێوەیەك خزمەتی بەرژەوەندی هەردوولا بکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هەزەکتنی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز تەماس سپیلەر بالیۆزی یەکێتی ئەورووپا لە بەغدا کەوت، لەم دیدارە بەڕێز حەکیم دەستیە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و یەکێتی ئەورووپای لێگۆڵ باسیکرد تاوتوێ کرد و ئاماژەی کرد کە یەکێتیەکە گرنگێ بە عیراق و داواشی کرد پەیوەندی دوو قۆڵی پتەوبکرێت بەشێوەیەك کە خزمەتی هەردوو وڵات بکات.

سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە پالپشتی ئەرکەکتنی حکومەتە لە هاریکاری کردن لەگۆڵ یەکێتی ئەورووپا لە دەستیەکانی نەهێشتنی تیرۆر و گەندەلی و مادەی هۆشبەردا و هووندی کردەوە کە عێراق ئەزموونکی ئاستقینەی لە نەهێشتنی تیرۆر هەیە و دەکرێ ئەو وڵاتانەی بەدەست تیرۆر دەناڵێنن سوود لەو ئەزموونە وەربگرن.

بەڕێز حەکیم ئاماژەی بە گرنگی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کەسانی دیکە کرد لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا هەروەها داوای دادگایی کردنی تاوانی دزی سەدە دووپاتکردەوە تا ئای گشتی لەو کەسانە ئاگادار بن کە تەوگلاون، هەروەها تێکیدی لەسەر گرنگی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەگۆڵی وشککردنی سەرچاوەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مەدەرن و ئەلیکترۆنی و زاڵبوون بەسەر بەربەستە تەکنیکیەکاندا دووپات کردەوە.
بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر پێویستی کۆتایهێنان بە دەسیەی هاوپەیمانی نەودەوڵەتی دژ بە داعش کردەوە و گرنگی جێگرتنەوەی هاوپەیمانێتیەکە بە پەیوەندیە دووقۆڵیەکان لەگۆڵ هەندێک لە وڵاتانی ئەو وڵاتدا بەشێوەیەک کە بەرژەوەندیەکان و ئاسایش و سەروەری عێراق بپارێزرێت.
لەکۆتایشدا جەنابی داوای کرد شۆڵ لە غەزە بوستنرێت و کۆمەگی نەودەوڵەتی بە بەرپرسیار زانی و گوتی دەبێت یاسا و بەیارە نەودەوڵەتیەکان بەبە هێبزاردن بەسەر قەوارەی داگیرکەری ئیسرائیلدا جێبەجێ بکرێن.